ژمارە (8) 8 / 4 / 2007 بڵاوكراوەیەكی گشتی ئازادە دوو هەفتە جارێك لە خورماتوو دەردەچێت

# خۆزگەم بە نازە

هاوڕێکەم داوای لێکردم پێکەوە بچین بازاڕێك بکەین, ئەو بڕ پارەیەی براکەی خەرج بکات, کەلە کاتی سەردانەوەی بۆلای خۆیو دایکە تەنیاکەیدا بۆی بەجێهێشتبوون, هەندێ کەلوپەلو جلوبەرگی جوانی پێبکڕێتوخۆی لەوجلەکۆنو شڕانە نەجات بدات کەنەی دەوێرا کاتێك کەبراکەیومالٌومنداڵەکەی لێرە بوون بیان کڕێت نەوەك براژنەکەی بلێت بە براکەی پۆشتەو پەرداخەو ڕێ لەمێردەکەی بگرێت کەپارەیان بداتێ، خۆ ئەمان(سارا و نەوا) نین ، هەردووکمان هێواش هێواش بەناوبازاڕدا دەسوڕاینەوەو بەووردی سەیری شتەکانمان دەکرد کە دڵی شتێکی بگرتایە چاوی تێئەبڕیو خێرا ئاوڕێکی بۆمن ئەدایەوەو ئەیووت ئەمەت پێ جوانە، منیش لەوکەسانەم کەزۆربەڕاشکاوی ڕای خۆم لەسەرهەموو شتێك ئەدەم کەداوام لێبکەن هەرچەندە هاوڕێکەم زۆرهەست ناسکەو بچوکترین گفتوگۆو وردە قسە کاری تێدەکات بەڵام لەگەڵ مندائەتوانم بڵێم دەزانی من زەوقم چۆنە، ئیتر وردە وردە هەموو ئەو بایە نازەی کچێکی خوێندکاری زانکۆی پێشۆخوشەنگتر دەبێت هەڵی دەگرتوپارەکەی بۆ دەژمارد دوا دوکانی پۆشاك لە بازاڕی عەسری بوو کەلەکاتی کڕینی شتەکانیدا زوو زوو ئەیوت ئەچین ئەچین بۆ بازاڕی عەسریش ئەچم خانەکەی ئەو ڕۆژە ئەکڕم منیش بێزارببوم هەندێ جار بۆڵە بۆڵم لێوە دەهات بەڵام ئەویش بۆ ڕایی کردنی کارەکانی خۆی لێقبوڵ دەکردم ،پیاوێك لەناو دووکانەکەوە هاوڕێکەم پێش من کەوتبوو کاتێك کەچووینە ژوورەوە باوکی نازە هەرلەدوورەوە منی بینی بوو کابرای خاوەن دووکان لێی دووبارە دەکردەوە کامەیان منیش لەو کاتە گەیشتمە بەردەمیانوبەسەرسامییەوە سەلامم کردووباوکی نازە ووتی ئەمە000نازەی کچم بەقەدەر ئەم کیژەیە یەکسەر کەوتمە گێژاوەوە لەوساتەدا خۆزگەم بەنازە خواست کەخاوەنی ئەوباوکەیە دیاربوو زمانی تۆزێك لەهینی خەڵکی دەرەوەی شار دەچوو بەشێوەیەکی پاڕانەوە بەکابرای دووکانداری ووت دەبا ئەو دادەیە زەحمەتێك بکێشێتوتاقی بکاتەوە دیارە لەوکاتەدا کەمن چووم ئەوان خەریکی سەوداو مامەڵە بوون دیاربوو باسی تاقیکردنەوەی ئەوچاکەتەی دەکرد کەئەیویست بۆنازەخانی کچی بکڕێت منیش نازانم بۆ بەوپەڕی دڵ فراوانییەوەووتم بەسەرچاوولەکاتی لەبەرکردنی چاکەتەکەدا کابرا بەچاوێکی بریقەدارەوە سەیری چاکەتەکەی دەکردو دەیووت بۆنازەی کچمم دەوێت..ئەمساڵ دەبێتە مامۆستا..هەموو هاوڕێکانی لەم چاکەتەیان هەیە..کاتێك پیرە باوکی نازە چاکەتەکەی لەبەری مندا بینی دەمودەست بۆنازەی کڕی زۆربەبەختەوەری دوکانەکەی بەجێهێشت لەچاو وون بوو..لەم هەموو کەینوبەینەشدا هاوڕێکەم هەرخەریکی جل تاقیکردنەوە بوو منیش هەر لەخەیاڵی نازە دابووم زۆرخۆزگەم پێخواست کە خاوەنی ئەو باوکەیە...منیش ئەوەندەی لەبیرم بێت ڕۆژێك پارچەیەکم نەبینی بەدەستی باوکمەوە بۆم بهێتەوە قەدیش نەم توانیوە ئەونازەی بەسەردابکەم و بڵێم حەزم لەفلان شتە ئەویش هەڵوێستی هەبێت جا یان پارەکەیم بداتێ یان وەك باوکی نازە خۆی بێت بۆی کڕیبێتم.

سەناریا

Sanar_ya@yahoo.com

# ڕەنگاڵە...ئەوا!!!

ئەو کاتەی پێکەوە بوین هەمیشە هەوڵمدەدا بیدوێنم, چونکە دەمزانی لەهەموو, دواندنەکانی , دەربرینەکانی سود دەبینم, کاریگەری ئیجابی هەبوو لەسەر بیرو بۆچوونەکانم, ڕایەکانم, هەروەها لەلایەنی و دەرونیشی وعەقلیشەو هەستم بە ئارامی بەڵام ئەمجارە گفتوگۆکەمان لەسەر لایەنی فکری, عەقلی, دەرونی نەبوو...بەڵکو لەسەر هەستەکانمان بوو, کەهەمیشە هەوڵی شاردنەوەیمان دەدا, بە تابۆمان دەزانی ئەگەر باسی بکەین, خۆشەویستەکەم زۆر شیرینە لام لەروخساردا, بەڵام لەناوەرۆك وناخدا گەلێك لەروکاری جوانتر شیرینترە ,هەر بۆیە حەزم دەکرد هەموو دەمێك پێکەوەبین, چونکە سات لەدوای سات ناخە جوانیەەی خۆی نیشاندەدام. هەموو جوانی ناوەرۆکە زێرینو ئەڵماسینەکەی دەدرەوشایەوە لەرێگەیجەستەیەوە . چاوەکانی ئەو رۆژنەیە بوون کەهەموو جوانیەکانی ناخی پیایدا پەخش دەبوو, ئەوکاتەی لێمدەڕوانی پڕبەدڵ لەناو نەخشەکانی سومایدا ون دەبوم. ئەویش کاتێك بوو کەئەویش بیئاگابوو لەروانینەکانی من بۆی. خۆشی درکی بەراستی جوانی چاوەکانی کردبوو, کەزۆرجار لەڕەگەزی بەرامبەرەوە ئەوەی گوێلێدەبوو, هەتا جارێك خۆم ئامادە بووم کەیەکێك لەهاوڕێ, هاوڕەگەزەکانی خۆی ووتی ئەگەر لەڕەگەزی بەرامبەر بومایە بێگومان عەشقی چاوەکانت دەبووم, بەڵام خۆی ئەو ڕاستیەی ,باش دەزانی کەخاوەنی دوچاوی سیحراویە. ئەوکاتە ئێمە نەبووبوینە دووخۆشەویست هیچ پەیمانێکیان بەیەکتر نەدابوو کەئەو هاورێییەمان ئەو راستیەی درکاند! من خۆمم بیرهاتەوە کەمنیش هەمان ڕام هەیە لەسەر چاوەکانی ,دەچوم بەرەو ئەوەی کەچاوەکانیم خۆشبوێ .بەڵام ئەم هەستەی من بۆ روانینی چاوەکانی تەنها نهێنیەك بوو لەلای خۆم, ئەوکاتەی من لەچاوەکانیم دەڕوانی ,کاتێك بوو کەئەو بێئاگا بوو لەروانینی من, یان لەهەر کاتێکی تری ئاساییدا کەئەو دەدوا, بەڵام روانینی من بەخواستی دڵ بوو, رۆژێك من زور بێئاگا لێم دەڕوانی بۆیە کاتێك کەئەو سەیری کرد زۆر شلەژام بەئاستەم توانیم چاوەکانم دەرباز بکەم , ئەویش درکی بەو شڵەژانەی من کرد .ئەو هەمیشە هەستەکانی دەشاردەوە, درکیشی بە سەرنجی من کردبوو بۆچاوەکانی.ئێمە بوین بە دووخۆشەویست!!!...بۆیە رۆژێك لەرێگەی نوسراوێکەوە نهێنیەك یان راستیەکی درکاند ,کەپڕبایەخە بەلای منەوە, ئەویش هەمان هەستی درکاند کەچاوەکانی منی زیاد لەهەموو شوینەکانی ترم ئەویڕاکێشاوە, زۆر بەڕاشکاوی دەریبڕی کەهەمیشە حەز بەتەماشاکردنیان دەکات, بەهەموو هەستەکانیەوە تێیدا وون دەبێت.ئەم درکاندنە سەنگی زۆربوو, لەلام, بەتایبەت ئەو کەسێکە کەهەستەکانی دەشارێتەوە, لەوەش جوانتر کاتێك لەبەر زۆری ,خۆشەویستی بۆمن, لەحەزو هەستەکانی خۆی بۆروانینی چاوەکانم دەبورێ, تامن بەڕوانینی چاوەکانی خۆی شاد بکات, تارێگە بۆمن خۆش بکات زۆر ئازایانەو ئازادانە لەچاوەکانی بڕوانم, کەئەمە شیرینتری کرد لەلام ,خۆشەویستری کرد, بەدرکاندنی ئەو نهێنیە .گەورەتر بوو لەلام, کاتێك لەخۆشترین هەستەکانی دەبورێ لەپێناو مندا, لەبەر خاتری من, کشایەوە, چونکە هەستەکانمان هێندە پاکبوون لەئاستی یەکتر, بۆیە جوانترینو ناسکترین هەستی بەمن بەخشی . ...,ئەمە بڕیارێکی قورسە بۆئەو, هەر چەندە گومانم هەیە کەبتوانێ پەیڕەویی بکات. بەڵکوئەمەی ووت تامن دڵنیا بکاتەوە. بتوانم ئازادانە, هەروەك خۆی دەڵێ بەهەموو هەستەکانمەوە لێی بڕوانمو تیایدا نقوم ببمو رێگەی هاتنە دەرەوەم لێ هەڵە بێتو هەمووکات شادم بکات بەو جوانیە .بۆیە لەوساتەوە جۆرێك لەئازادیم هەیە بۆروانین لەو دووکۆترە بزیوە نەخشینانە, کەئەو جوانیەی لەو ئازادی روانینە بینیومە پێشتر درکم پێنەکردبوو پێی نەگەیشتبوم. خاوەنی دڵێکی گەورەیە ,خاوەنی چاوێکی نەخشینە, خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێزە...من بەختەوەرم, شادمانم ,خۆشحاڵم کەئەو خۆشەویستەم هەیە, زیاتر خۆشحاڵم کەمنیش خۆشەویستی ئەویم . منی خۆشدەوێ..زۆریش ..گەورەییو مەزنیو خۆشەویستی من, فێری خۆشەویستی ژیانی کردووە, بۆیە پەیمانیداوە کەلە حەزەکانی ببوری, لەخۆی ببوری, بۆئەوەی بۆمن بژی, خۆی تەرخانکردووە بۆمن, ژیانی تەرخانکردووە بۆمن, ئەمەش هەرخۆی درکاندی

## چیا یاسین

# هەر لە ڕێگای ڕادیۆ فێری گۆرانی بووم

ئارەزوو مەندم ئاراستەی هونەرمەندێکی میللی کوردی ڕەسەن ببمەوە ئەو هونەر مەندەش هەر چەندە باری تەندروستی باش نییە بەڵام تاکو ئێستاش خزمەت ئەبەخشێ ئەو بەتوانایە هونەرمەند (جەباری حاجی محەمەد)ە کە ناسراوە بە (شەباب) چەندین ساڵە کەو ئاسا ئەقاسپێنی بە گوێماندا بەڵام بە داخەوە تاکو ئێستا نە ڕادیۆ ، نە تەلەفزیۆن هیچی بەتۆمار نەگەیاندووە ، بەڵام لە زۆربەی ئاهەنگەکانا گۆرانی وتوە لە گەڵ هونەر مەندان (سەلاح داودە، حوسێن عەلی، مستەفا نانەوا ، شەهید ئەحمەد مەجید). مام (شەباب) لە ساڵی 1948 لە گوندی تەختەمینا چاوی بە دونیا هەڵهێناوە . لە ساڵەکانی (1962/1963)بەهۆی گوێگرتن لە ڕادیۆ کەم کەم دەستی بەگۆرانی گوتن کردووە خۆیشی فێری ئامێری دوزەلە کردووە . ئاشنایەکی چاکیشی لە گەڵ هونەرمەندانی کوردا هەبووە لەوانە(خوالێخۆشبوو تەحسین تاها ، شەوکەت ڕەشید ، ئەنور قەرەداغی ...) وەهەر وەها جارێکیان مامۆستای مەقام ڕەحمەتی (عەلی مەردانی ) بەخۆی و خێزانی لە خورماتووەوە گەیاندووە کەرکوك .

لە وڵامی پرسیارێکدا کێ فێری مەقامی کردوی ؟ لە وڵامدا فەرموی من لە ڕێگای ڕەحمەتی (حوسێن عەلی)یەوە فێری مەقامی(سێگا، نەهاوەند، دەشت، حیجاز، سەبا، خورشیدی، خاوکەر ...)بووم .

پ/لە گەڵ کام تیپدا کارت کردووە؟

و/ لە ساڵی 1992 تیپی (کۆماری)م دروست کرد بە ئاگاداری کۆمیتەی خورماتوو لە کفری ، دواتر ناوەکەیان گۆڕی بە (کاروان) .

پ/ ئایا دوای ئەو ڕەنجە ، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ڕێزلێنانێکی بۆت نەکردووە ؟

و/ نەخێر ، بەڵکو وا دەزانن هەر نەبومە !!

پ/ بەدەنگی کام هونەرمەند گەش دەبی ؟

و/ خوداداد عەلی ، حەسەن زیرەك ، حەمەی مامڵێ .

پ/ گۆرانیت بۆچی وتووە ؟

و/ وەڵا بە قوربان من تەنها گۆرانیم بۆخزمەت وتوە نەك بازرگانی بە هونەرەوە .

پ/ دوا وتەت ؟




## ئا/ڕەمەزان کەرکوکی

و/ داواکارم لە ڕۆشنبیرانی شارەکەم شەهیدی جوانەمەرگ د.فاروق عەلی عومەر لە بیر نەکەن هەمو ساڵێ یادی بکەنەوە ، زۆر حورمەتم هەیە بۆ (بانگەشەی گۆڕان) کە منی داماوی بەسەر کردەوە ئەم شیعرەش پێشکەش بە ئێوە و خوێنەرانی ئازیز .

هەر لە زاخۆوە تا بەدرە و جەسان
بەیەکبونی کورد دوژمنان ترسان
سڵاو بۆ هەوڵی کاکە و مامە گیان
یاخوا بمێنێ (بانگەشەی گۆڕان)

## گەوهەری کوردەواری

ئا/جەلال جاف

1/ پاروو لە دەم دا کەوێ ، بۆ کۆش باشە .
2/ پارە چڵکی دەستە .
3/ پشتم سەفین بێ ، تف لە ئاسنیش ئەکەم.
4/ پەنجەی خۆی گەست .
5/ پیاو هەر جارێك ئەمرێ .
6/ پێچی مێزەرێکە .
7/ پێی زل نەگبەتە ، سەری زل دەوڵەتە .
8/ پیری و سەد عەیب .
9/ پێچکە چوارە ، بەژمارە .
10/ پەمووش ، لە شارەزوور زۆرە .
11/ پیادە ئەزانێ سوار تەنگەی بەربووە .
12/ پاشای سەر تەختی ، بنوارە وەختی .
13/ پیاو قوتابییە و ڕۆژگار مامۆستا .
14/ پێکەنینی زۆر گریانی لە دوایە .
15/ پەلە پیتکەم لێدەیت شەق ئەبەم.